## بەشەرتی چەقۆ!



بەشەرتی سووری! ئەمە قسەی لای خۆمانە بۆ شووتی کە دەبێ سوور بێت ئەگینا نامانەوێت، ئەگەر بێت و ڕەنگی شووتیەکە سپی بێت چونکە تامی سوورەکە خۆشترە لە سپیەکە.
بەڵام لەم جیهانە زۆر شتی سەیر وادەردەکەوێت، یەکێك لەم شتانە شووتی زەردە، واتە شووتی ناوەوەی ڕەنگی زەردە و بەڵام هەمان تامی شووتی سووری هەیە، ئەوەی نەزانێت دەڵێت ئەم شووتییە زەردە بۆگەن بووە و نایخوات..
ئەمە جۆرە شووتییەکە لە وڵاتی چین هەیە و لای ئەوان شووتی سوور نییە و تەنیا ڕەنگی زەردە، بەهۆی ئەوەی بەم شێوەیە شووتی دەچێنن و دەیخۆن، لەوانەیە چینییەکان شووتی لای خۆمان ببینن، بڵێن چۆن دەبێ شووتی سوور بێت؟!!
یان چینییەکان ئەگەر بیانەوێت شووتی بکڕن، لەوانەیە بڵێن: بەشەرتی زەردی!
بەڵام لەلای ئێمە مۆدەی (بەشەرتی سووری) نەماوە بەڵکو بۆتە (بەشەرتی چەقۆ)!

## سەگێک (٨٠٠) دۆلار دەخوات!

ئەگەر بەختت نەبێت ئەم گرفتەت بەسەر دێت، سەگێك لە شاری مینابۆڵسی ئەمەریکی (٨٠٠) دۆلار واتە (٨) وەرەقە لە جەنتای کچێك دەخوات کە مێوان دەبێت لە ماڵی ئەو هاوڕێیەی سەگەکەیان هەیە، ئەم سەگە تەمەن (٨) ساڵە بە پێی تەمەنی خۆی پارەی خواردووە و خاوەنەکەی کە ناوی (دیبی هۆڵمان)ە چاوەڕێی سەگەکەی کرد تاوەکو پاشماوەی دەردەکات بەڵکو پارەکەش لەگەڵ پاشماوەکە دەربکات..
دوای شەوێك بۆ بەیانی پاشماوەی سەگەکە دەبینن لە باخچەدا کردوویەتی ناچار پارەکە لە ناو پاشماوەکە دەردەهێنن و دوای شووشتنی پارەکان، تەنیا (٧٠٠) دۆلار لە بڕە پارەکە لە بانك وەرگیراوە بڕی (١٠٠) دۆلار بە شێوەیەك دڕاوە لە گەدەی سەگەکە مایەوە، بۆیە زەرەرەکەی تەنیا وەرەقەیەك دەبێت..



## گەورەترین ماسی سەلەمۆن!



دوو کوڕە گەنجی ڕاوچی ماسی و گیانداری دەریایی، لە کاتێکدا خەریکی ڕاوکردنی ماسی بوون ، دووچاری ڕاوێکی سەیر بوون هەر دوو کەسی ناودار لە وڵاتی تایلاند، ڕاوەکەیان بووە هۆی سەرسامییان و توانیان گەورەترین ماسی ڕاو بکەن لە جۆری سەلەمۆن، ئەم جۆرە ماسییە تا ڕادەیەك گەورە دەبێت و پاشان دەوەستێت لە گەورە بوون و کێش زیادبوون، ئەو ماسییەی ئەم دوو ڕاوچییە ڕاویان کرد، کێشی نزیکەی (١٢٠) کیلۆگرامە و هەروەها نزیکەی (٢) مەتر درێژە..
درێژی و کێشی سەیری ئەم ماسییە بووە هۆی سەرسامی پسپۆرانی دەریایی ئەم وڵاتە و لە چەندین شیکردنەوە و پشکنین وەك ماسییەکی سەلەمۆنی ئاسایی ژیاوە، ماسییەکەش لە جۆری مێینەیە وپێشبینی دەکەن کە لە کاتی هێلکە کردندا بێت کاتێك کە ڕاوکراوە.
ماسییەکە ڕەنگی بۆرە و خاوەن هێزێکی کەم بووە کاتێك کەوتۆتە ناو تۆڕی دوو ڕاوچییەکە بۆیە بە ئاسانی ڕاوکراوە، بەڵام لەو کاتەی ڕاو کراوە ماسییەکە نەخۆش بووە، پێشبینی تەمەنی ئەم ماسییە دەکەن کە بگاتە (٤) ساڵ، ئەمەش بە هۆی زانیاری پسپۆرە دەریاوانییەکانی تایلاند.

### پەندە جوانەکان

- سەبر تاڵە بەڵام بەرهەمەکەی شیرینە
- خۆش باوەڕ چاوێکی کوێرە
- قسە زۆر بکرە و کەم بفرۆشە
- ئەوەی مەڕ بێت گورگ دەیخوات
- ڕۆژ لە زستاندا خۆشەویست دەبێت
- ئەگەر کابان بێ نەوسە، دراوسێ ملاکێکی بەسە
- ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە
- گۆم تا قوڵ بێت مەلەی خۆشترە
- ئەگەر حەیا بڕژێ خڕ نابێتەوە
- لەسەر ڕێگا لابدەیت، دڕك لە پێت رادەچێت

# ئافرەتێک بە نیو جەستە منداڵێکی دەبێت!



لەوە چاکتر و سەرسوڕهێنەر تر نییە کاتێك مرۆڤێك گرفتێکی هەبێت و بتوانێت بژییت، ئەم ئافرەتە ناوی (رۆز)ە تەنیا بە نیو جەستە ژیان بەسەر دەبات لەگەڵ ئەوەی وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەژی. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە هۆی ڕووداوێك تووشی برانەوەی قاچەکانی هاتووە. هەر خۆی و برایەکی بچووکی کەم ئەقڵ پێکەوە ژیاون بەبێ دایك وباوك، ئەمەش لە شاری کۆلۆرادۆی ئەمەریکی، ئەو دەتوانێت بەم نیوە جەستەیە ماڵێکی خنجیلانە بۆ خۆی و برا بچووکەکەی پێکبهێنێت..

ئەمەو پیاوێك بەناوی (دیڤ) ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەم ئافرەتە نیو جەستەیە وەکو بەزەیی و یارمەتی. لەلایەن چەند دکتۆرێکی تایبەتی بواری منداڵبوون بەو ئافرەتە نیو جەستەیەیان گوت: ئەم ئافرەتە منداڵی نابێت و ئەگەر بگاتە تەمەنی (٣٠)ساڵی دەمرێت.

پێشبینی ئەم دکتۆرانە هەڵە دەرچوو، چونکە ئێستا ئەم ئافرەتە بۆتە خاوەن منداڵێك، هەروەها تەمەنی گەیشتۆتە (٣٣) ساڵ بە پێچەوانەی وتەکانی دکتۆرەکان، رۆز دەربارەی حاڵ و ژیانی دەڵێت:

ئاواتێکی گەورەم لە دڵ بوو کە منداڵی خۆم لە باوەشم ببینم وەك هەر ئافرەتێکی ئاسایی، دەمزانی رۆژێك دادێت دەگەمە ئەم رۆژە. سوپاسی مێردەکەم دەکەم کە وازی لە خوێندنی ئەندزیاری هێناوە و یارمەتیم دەدات لە کاروباری ماڵ و ژیانم..

هەروەها رۆز کورسی کارەبایی رەتکردۆتەوە و نایەوێت هەست بە کەمئەندامی بکات ، بۆیە وەك لە وێنەکەیدا دیارە کە منداڵەکەی بە قایشێك هەڵگرتووە، لەسەر ئەم ئامێری یاری کردنە دەروات و منداڵەکەی ماچ دەکات، منداڵەکەشی کورە، بەڵام حەزی ئەم ئافرەتە ئەوە بوو کە منداڵەکەی کچ بووایە تاوەکو یارمەتی بدات لە ژیانی رۆژانەی خۆی.

## کەلووەکان



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زۆرجارپەیوەندی هاورێیەتی دەبێتەخۆشەویستی.ئاگاداری بواری دەروونیت بە،واچاکە گەشتێك ئەنجام بدەی، تووشی هەندێ کێشە دەبیت.لەرووی داراییەوە هەواڵی خۆشت بۆدێت. ئەوکەسەی تۆ لەخەیاڵی دای خەریکە ئەویش بیرت لێ دەکاتەوە.ماوەیەکی کورتت لەبەردەمتە بۆئەوەی بتوانی رازونیازی خۆتی بۆ دەرببڕی.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێکی نزیکت لەگەڵی دەژی بەڵام هەست بەئاسوودەیی ناکەی لەگەڵی بۆیە واچاکە لێ دووربکەویەوە.لەپلانی رۆژانەت بەردەوام بە.ئەمرۆت لەدوێنێ باشترە.هەفتەی داهاتوودەکەویە بارودۆخێکی باشەوە خۆشترین رۆژت دووشەممە دەبیت.دوودڵ مەبە لەداواکردنی یارمەتی لەهاورێکانت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست بەئارامیەکی زۆر دەکەی.دەوروبەرت حەزدەکەن لەگەڵت بدوێن چونکە ئێستاباشترین کاتە بۆخۆسەلماندنت لەکاروپیشەکەت. لەوماوەیەدا تووشی هەندێ گرفتی خێزانی دەبیتەوە. پێویستیت بەپیاسەکردن هەیە بەتەنها بۆحەسانەوەی مێشك ودڵ ودەروونت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەموو هەوڵێکت بۆئەوە نەبێت کەزۆرترین سەرمایە بەدەست بهێنی.پێویستیت بەرێکخستنی کارەکانتە. دەبێت بۆچوونی کەسانی دەوروبەرت قبول بێت.ئەوکەسەی تۆخۆشتدەوێ لەوماوەیە چاوت پێی دەکەوێت،خاوەن کەسایەتییەکی توڕەی ئەگەر وابڕوات تووشی کێشەی گەورەتر دەبیتەوە.هەوڵ بدەگۆرانکاری بکە لەپەیوەندییەکانت بۆئەمەش دەبێت گەشتێك سازبدەی. ئاگات لەوکەسە بێت کەنهێنی لەلادەدرکێنی.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

پەلەمەکە لەکارەکانت ئەوکەسەی تۆ هەڵتبژاردووە زۆرگونجاوە. پێویستە لەسەرت بیرکردنەوەکانت فراوانتربکەی.تووشی خەمۆکی دەبیت.لەبواری سۆزدارییەوە بەرەو باشی دەڕۆیت.دەست بڵاو مەبە وخۆش باوەڕیت وات لێدەکات کە تووشی کێشەوگرفت ببیەوە. پێگەنین هۆیەکی باشە بۆلابردنی خەمەکانت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

رێگەیەکی سادە بگرەبەربۆگەیشتن بەئاواتەکانت.لەکاروپیشەکەت دۆست ودوژمنت هەیە بەهیچیان نیگەران مەبە.خۆشەویستەکەت دەرفەتێکت پێدەدات تۆش ئەو دەرفەتە لەکیس خۆت مەدە وهەوڵ بدە لەیەك بگەن وبکەونە گفتوگۆ بۆ دوارۆژێکی رووناك. ئاگاداری باری تەندروستی خۆت بە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێکی باشت لەبەردەمە بۆئەوەی گەشتێك بکەی. گەشبینی بەردەوامت وات لێ دەکات کەکەسایەتی بەهێز پێك بهێنی. زۆرکەس هەن حەزدەکەن لێت نزیك ببنەوە.ئەوکاتەی دڵت شادە چاوت تەواو کراوە دەبێت وهەست بەوەدەکەی کەوالەخۆشەویستەکەت دووری بۆیە پەیوەندیەکی پێوەبکە وڕازی دڵی خۆتی بۆ بەیان بکە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

رێگەیەکی باش هەڵبژێرە بۆدەربڕینی هەست ونەستەکانت.ماوەیەکە هەست بەدڵتەنگی دەکەی پێویستیت بەهاورێیەکەبۆئەوەی یارمەتیت بدات و ڕزگارت بکالەوناخۆشییە. لەلایەنی خۆشەویستییەوە بەپێچەوانەی هەفتەی رابردووت بەرەو باشی دەڕۆیت.ئەوتوانایەی هەتە سەرفی مەکە بەڵکو بیرلەوەبکەرەوە کەخۆت بگونجێنی لەگەڵ کارەکەت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەوانەیە تووشی کێشەی دارایی ببیت بۆیەدەبێت ئاگات لەخۆت بێ.هەست بەئارامییەکی زۆردەکەی چونکە خۆشەویستەکەت زۆر لێتەوە نزیك بووە.ئەو ئاواتەی هەتە زۆر دوورنییە لەوانەیە لەو ماوەیە بۆت بێتەدی. پشویەك بدە پاشان هەنگاوبنێ. بەتەنهاکارەکانت ئەنجام بدە چونکە دەوروبەرت بەرژەوەندی تۆیان ناوێ.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بارودۆخی ئێستات گونجاوە بۆئەوەی خۆشەویستی ئەنجام بدەی.لەشەودا خەونێکی ناخۆش دەبینی وامەزانە راست دەردەچێت.کەمێك گۆرانکاری لەناوماڵەکەت بکە.لەکارەکەت زۆر سەرکەوتوو دەبی دەبێتە ڕەزامەندی بەرپرسەکەت.ئاگاداری هاورێکانت بە تەنهاپشت بەتواناکانی خۆت ببەستە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەتەوێ پێداویستەکانت بەئاسانی بۆدەستەبەربێت ئەمەش وات لێدەکات پەلەبکەی وخۆت بخەیتە ناوکێشەوە.واچاکەلەبیری خۆشەویستەکەت دابی ئەو ئێستا زۆر پێویستی بەتۆوە هەیە.رەشبین مەبە بەرامبەرژیان ئەو رێگەیەی گرتۆتەبەر بەرەو کامەرانیت دەبات.ئاگات لەبواری دارایت بێ.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سەرەڕای ئەوەی تووشی هەندێ گرفت دەبیت بەڵام بەیارمەتی ماڵەوەتان بەشێکی زۆری کێشەکانت بۆ چارەسەر دەبێت.دەست بەلایەتی داراییت بگرە.کێشەت لەگەڵ هاورێکەت وات لێ نەکات کەتووشی خەمۆکی ببیت وواز لەهەموو برادەرانت بهێنییێ بکەنە دونیا بەدەمت پێدەکەنی.پەیوەندییەکی خۆشت بۆدێت.

ئیوان گەردی iwan_gardi@yahoo.com

## نوکتە

- جارێکیان هاوین دەبێت و دونیا گەرم دەبێت، پیاوێکی قەڵەو بە رێگایەکدا دەڕوات لەناکاو پێی لە پەلکە مۆزێك دەخلسکێت و بەردەبێتەوە، بۆ ماوەیەکی دیکەش دەڕوات دیسان مۆزێکی دیکە دەبینێت و دەڵێت : توخواوەرە زەوقت هەبێ دیسان بەربیتەوە!!

❋ ❋ ❋

- جارێکیان کورێك مۆز دەفرۆشێت، هەر دەچێتە ئیش و دێتەوە باوکی دەبینێت کورەکەی زەرەر دەکات، باوکەکەش دەیەوێت بزانێت بۆ زەرەر دەکات، رۆژێکیان بە نهێنی دەچێتە لای ئەو شوێنەی کورەکەی مۆزی لێدەفرۆشت دەبینێت.. کورکەی هەر مۆزێك (چەوت)خوار بووایە فرێی دەدا!